**سەردار رەشیدی رەوانسەر لە بیرەوەریەکانی دوکتور جهانشاهلوو ئەفشاردا**

**تایر عەلیار**

دوکتور جهانشاهلوو ئەفشار جوزوی گرووهی 53 نەفەر وجێگری میر جەعفەر پێشەوەری باش وەزیری کۆماری میللی ئازەربایجان بوو . ماوەیەک لە زەمانی رەزاشا دا لە زیندانی قە سر دەگەڵ سەردار رەشیدی رەوانسەر پێکەوە بوون ولە کتێبی بیرەوەریەکانی دا(ماوبیگانگان) باسێکی کورتی لە سەر سەردار رەشیدی رەوانسەر هەیە کە لێرە پێشکەشی دەکەم.

ئێستا کە نێوی سەردار رەشیدی ئەردەڵان هاتە گۆڕێ شایستەی ئەوەیە یادێکی لێ بکە ین . ناوبراو لە بنەمالەکانی زۆرکۆن و خاوەن نێوی ئێرانیی ئەردەڵان و لە کوردەکانی جوانڕۆ و رەوانسەر بوو کە لە نێو کورد دا بە دلێری و جەنگاوەری ناویان کردوە . ساله ها والی کوردستان بوو. دەزگایەکی هەبوو وەکوو دەزگای شایان تا جێگایەک کە لە کوردستان سکە یان بە نێوی لێ دەدا. ئینگلیسیەکان کوردەکانی رەوانسەر و جوانڕۆ و سەرکردەی ئەوان سەرداررەشیدیان زۆر بەلاوە گرینگ بوو و زۆریان بە حیساب دەهێنا چونکە بێجگە لە بایەخی ئەوان لە نێو خاکی ئێران دا ، سنووری کوردستان و عێراق و بەشێک لە خا کی ئەوێش لە بەر دەستی وان دابوو. ئەویش وەکوو زۆر لە رەییس عێلە کانی ئێران کە بە ئامۆژگاری و نەسیحەتی رەزاشا لە سەودای خان خانی روویان وەرنەگێرا تووشی شکست هاتن و تار ومار کران.

سەردار رەشید پیاوێکی وڵات پارێز و ئێران دۆست بوو و دەگە ڵ ئینگلیسیە کان کە پێش هاتنە سەرکاری رەزاشا بە سەر هەموو لایەنەکانی حکوومەتی ئێران دا زاڵ بوون و عێراقیشیان وەکوو موستەعمەرە لە دەست دابوو بە جۆرێک موداراى دەکرد. کاتێک لە شەڕی جیهانی هەوەڵ دا وڵات پارێزانی ئێرانی دەیانویست راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ یاریدەی هێزەکانی ئالمان و تورکیە بدەن کە دوژمنی دوژمنە کە یان یانی رووس و ئینگلیس بوون و دەست لە ئەرتەشەکانی رووس و ئینگلیس بوەشێنن ، سەردار رەشید هەر چەند راستەوخۆ واریدی ئەو شەڕە نەبوو بەڵام لە یاریدەدانی ئەو جەنگاوەرانەی ئەو شەڕەیان کرد خۆی نە پاراست.

دوای ئەوەی کە مستوفی ئەلمەمالیک ، برجیس ، سولەیمان میرزای ئەسکەندەری ، جهان شا خانی ئە میرئەفشار وسەولە تولدەولەی قەشقایی وسەرانی ئەحزاب و باقی ئازادی خوازانی دیکە بریاریان دابوو هەرچەندی لە دەستیان دێ دژ بە هێزەکانی ئینگلیس و رووس بوەستن لە جنوب تە نگستانیەکان و قە قە سابیەکان و باقی شوێنەکان بە هەموو توانایانەوە پیاوانە دەگەڵ ئەرتە شی ئینگلیس دەرگیر بوون غە یری ئاغای قەوامی شیرازی کە تا ئاخرین دەمی ژیانی لە بەندەگی بۆ ئینگلیس دەستی هەڵنەگرت.

لە زەنجان عێلی ئەفشار دەگەڵ دوو لەشکری کارامەی رووس لە ژێر فەرماندەیی ژنراڵ باراتۆف دا تێک هەڵچوون و چونکە توانای شەڕی ئەو دوو لەشکرەیان نە بوو ناچار پاشە کشەیان کرد . رووسەکان بە شێک لە زەنجان کە ناوچەی دەسەڵاتی عێلی ئەفشار بوو لە سوڵتانیەوە تا سنووری هە مەدان هەموویان تاڵان کرد.جەنگاوەرانی ئەفشار تا کرماشان پاشەکشەیان کرد و لەو پاشەکشەیەدا پشتیان بە یاریدە و میوانداری کوردەکانی جوانڕۆ و رەوانسەر و شەخسی سەردار رەشید گەرم بوو کە لە هیچ کۆمەگ و یاریدەیەک دریغیان نەکرد .

گۆیا ڕەزاشا ئەوکات کە سەردارسپا بوو سە فەری عێراقی کردبوو و لە نەجەف چاوی بە سەردار ڕەشید کەوتبوو و بەوجۆرەی سەردار ڕەشید دەیکوت ، ڕەزاشا قەولی دابوویە کە گیانی لە ئەمان دا دەبێ بۆیە ئەویش هاتبۆوە تاران بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەک لە ژێر چاوەدێری دابوو ڕەوانەی زیندانی قە سریان کرد ولە پەروەندەی شارەبانیی ئەو دا نووسرابوو(فەرموویان جاریٚ لە زیندان بێ ) لێرە دەڵێم کە ئەودیدار و قەو و قەرارەی ڕەزاشا و سەردار ڕەشید لە لایەن یاوەر عەبدوللامیرزا پوورتەیموور کە ئاجودانی تایبەتیی ڕەزاشا بوو تەئید دەکرا.

کاتێک ئێمەیان بردە زیندانی قەسر، ئاغای سەردارڕەشید یازدەساڵ بوو لە زیندانی قەسر لە بەندی 7 دابوو. دارێکی بادامی لە باغی بەندی 7ی زیندانی قە سر چەقاندبوو کە ببوە دارێکی قایم و گەورە و بەری گرتبوو. پیاوێکی دڵ پاک ، دلێرو یەک جار زۆر بەرزەفڕ بوو. تایبەتمەندیی ڕەییس عێلیی خۆی لەدەست نەدابوو. لە پووڵ خەرج کردن دا کەریم بوو ، بەدەست بڵاویەوە هەرچی بووی دەیبە خشی و دوا یە بۆخۆی بێ پووڵ دەماوە. شام و نەهار هەمیشە میوانی ئاغای محەمەد تەقی ئەمیر جەنگ بووچونکە بنەماڵەکەی لە تاران نەبوون شام و نەهاری بۆ ئامادە بکەن و بۆی بنێرن بەڵام مانگانە پووڵیان بۆ دەنارد . سیغاری نەدەکێشا ، زۆری قەدەم لێ دەدا و زۆر تەن دروست بوو. زۆر بە ئیحتیات بوو و پێی وابوو دە سەڵاتی حاکم بە سەر وڵات دا لە هەر فرسەتێک بۆ دەرمان داو کردنی کەڵک وەردەگرێ . بە کەسی زۆر تایبەتی نەبا متمانەی نەدەکرد و ئەگەر شتێکیان پێ تەع روف کردبایە وەری دەگرت چونکە زۆر ئاداب زان بوو بەڵام نەی دەخوارد و دەیدا بە پاسەبان و گوماشتەکان . بە شەخسی من بە هۆی عێلاتی ودۆستی دەگەڵ بنەماڵەی ئێمە بە تایبەت ئەمیرئە فشار ئیتمینانی هەبوو و ئەگەر پێشکەشیەکم بۆ بردبایە دەیخوارد. بەعزە وەختێک بە تەقازا و پێ داگری من ئەگەر ئیشتیای لە شتێک بایە رام دەسپارد لە ماڵی خۆمان بۆیان دروست دەکرد .

زۆر خۆش باوەڕ بوو و لەو ڕووەوە ئەفسەرەکانی زیندان و شارەبانی بۆ خامۆش ڕاگرتنی ئەو کورد و لوڕانەی کە حوکمی زیندانی ئەبەدیان هەبوو کەڵکیان لێ وەردەگرت. پاسیار 2 پوورشەفیعی موعاونی بازرەسیی کوللی شارەبانی هەموو مانگێ یەک دووجار دەهات بۆ دیتنی و بە درۆ خەبەرێکی دەدایە وەکوو لێ بووردنی گشتی و.....ئەویش بەو قسانە کەیفی ساز دەبوو. پەیامی بۆ کوردەکان و لوڕەکان دەنارد و دەیکوت هەموو شت بەو زوانە جێ بە جێ دەبێ و ئومێدواری دەکردن. جاری وابوو زیندان بانەکان هەڕەشەیان لە ئێمە دەکرد و دەیانکوت ئەگەر هیتلێرسەرکەوێ هەوەڵین کەسانێک کە ئیعدام دەکرێن ئەو گورووهی 53 نەفەرەیە. سەردار ڕەشید کە ئەوەی بیستبۆوە هاتە لای من و کوتی نەچی بەو خەبەرانە نارەحەت بی ئێمە تا گیان مان هەیە نایەڵین موویەک لە سەری ئێوە کەم بێتەوە.

باش لە بیرم نیە چەندەی مانگی شەهریوەر بوو کە لە بەیانیەوە هێندێک هاتووچۆ بەینی بەندی ئێمە (7)و بەندی(8) کە خانەکانی بەختیاریی لێ بوون دەستی پێ کرد و سەدارڕەشید و خانەکانی بەختیاری دەستیان کرد بە سرت و خورت. لەو کاتە دا چەند کەسێک لە زیندانیەکانی زەنجان کە حوکمی درێژخایەن یا ئەبەدیان هەبوو و هەموویان بە هۆی زانینی باغداری ببوونە باغەوانی زیندانی قەسر و هاتووچۆی هەموو جیگایەکیان دەکرد هاتن بۆ لام و کوتیان کارێکی نهێنیان پێمە . ئەمنیان بردە گۆشەیەک و کوتیان زیندانیە کوردەکان و لوڕەکان و عێلیاتیەکانی دیکە ئەوشۆ زیندان دەشێوێنن و دەیانەوێ دەرگای زیندان بشکێنن و هەڵێن ئێمە لە وان کەم تر نین چ بە سەڵاح دەزانی؟ کوتم لە زمان منەوە بە هەموو زیندانیەکانی زەنجان بڵێن کە هاوکاری دەگەڵ ئاژاوە گێران لەو کاتە دا بە هیچ جۆرێک سەڵاح نیە چونکە بێجگەلەوەی کارێکی بێهوودەیە ئومێدی ئەوە هەیە بەو زوانە هەموو ئازاد

بکرێن و دەبێ بزانن ئەگەر ئەو کارە بکەن بێ تەلەفات نەجات تان نابێ . دوایە سەردار رەشید هات و بانگی کردمە نێو باغی و کوتی بە کەس مەڵێ ئەوشۆ کوردەکانی ئێمە بە هاوکاری لوڕەکان و عێلاتیەکانی دیکە و ئەوانەی حوکمی زیندانی ئەبەدیان هەیە دەیانەوێ دەرگای زیندان بشکێنن و هەموو زیندانیەکان ئازاد بکەن ، پێت چۆنە.

کوتم جەنابی سەردار ئەوە کارێکی بێهودە و حیساب بۆ نەکراوە چونکە بێجگەلەوە پاسەبانەکانی زیندان چەکدارن لە نزیک زیندان هەنگی پیادەی 7 و 21 و کەمێک دوورتر هەنگی سواری سەلتەنەتاباد ولە شەرقی ئەوبەری جادە ی شمیران تۆپخانەی کوهستانیی عەباساباد و لە جنووبیش دوو هەنگی نادری و بیستی لێ یە و ئیحتیاج بە ئاژاوە نیە . کوتی ئەمن و ئەمیر جەنگ زۆرمان نەسیحەت کردوون گوێیان لێ نیە چونکە ئەو پاسەبانانەیان هەر پێ پیاو نیە دەڵێن  چەکیان دەکەین و ئەگەر هێزی یاریدەدەر بێ هەر بەو چەکانە دەگەڵیان بە شەڕ دێین . وام هەست کرد جەنابی سەرداررەشید بەو دڵ پریەی لە رەزاشا و دەزگای حکوومەتیی هەیەتی لە بنەوە بێ مەی نیە کێشەیەک روودا و دەنگی تیر بەرز بێتەوە . سەرەنجام نزیک سەعاتی 8 بوو کە لە داڵانی بەندەکانی پێنج و نۆ و دە وە هوجوم کرا. هێرش کەرەکان زیندانیەکانی کورد و لوڕ و ئەو زیندانیانە بوون کە حوکمی ئەبەدیان هەبوو . ئەوان ئیجازەیان لە سەرداررەشید و خانەکانی بەختیاری دەخواست کە قفڵی دەرگاکان بشکێنن و زیندانیەکان ئازاد بکەن.

قفڵی بەندەکانی 9 و 5 یان شکاند . ئەو قفڵانە باشترین قفڵی ساختی ئالمان بوون کە شارەبانی بە تایبەت بە کارخانەکانی ئەو وڵاتەی سفارش دابوون و کەس پێی وانەبوو تانانەت بە چەکوچیش دەشکێن بەلام تاقی کردنەوە نیشانی دا کە بەرامبەر بە هێز و ئیرادەی گشتی هیچ شتێک خۆی راناگرێ.

ئەوان هاواری یاعە لی ویاحە زرەتی عە باسیان دەکرد و دەروازە ئاسنینەکەیان رادەتلەکاند. پاسەبان نیگەهبان و کلیلدار وەک مردوویەک لە نزیک بەندەکەی ئێمە راوەستابوون . گوروهبان کە تۆقی بوو موڕەتەب دەیکوت جەنابی سەردار ئەمر بفەرموو سەدەمە بە ئێمە نەگەیەنن سەردار رەشیدیش دەیکوت خاترجەم بن. ئەو گورووهە کە گەیشتنە داڵانەکەی ئێمە یەک لە سەرانی کورد بەکلی دارەکەی کوت کلیلەکانم دەیە ئەویش فەوری دایە دەستی . ناوبراو هاتە پێش سەردار و کوتی جەنابی سەردار ئیزن هەیە دەرگای بەندی 7 بکەمەوە ؟ سەردار کوتی نەخێر ئیجازە نادەم . کابرا چوە پێش مەنووچهێرخا نی بەختیاری ، ئەویش کوتی تکا دەکەم ئەوکارە مەکەن ئیدی ئەوانیش گوڕاندیان یاعەلی و بەرەو بەندی 9 پێشرەوییان کرد .

ئیدی دەنگی تیرەندازی لە بورجەکانی زیندانەوە دەستی پێکرد و پاسەبانەکانی زەخیرەش کە خەریکی ئیستڕاحەت بوون دەستیان دا چەک و لە باغی زیندان دا لە پشت دیوارەکان و لە ژێر دارەکان دا دامەزران . غەیری کوردەکان و لوڕەکان و زیندانیە ئەبەدەکانی دیکە ، ئەوانی دی بە بڵیند بوونی دەنگی تەقە دە ژوورەکانی خۆیان خزان و زیندانیە سیاسیەکانی بەندی ئێمەش رەنگیان بە روەوە نەمابوو و هیندێکیان چووبوونە بن تەختەکانیانەوە. سەردار رەشید لە پشت دەرگای بەندەکە راوەستابوو و ئەمنیش لە تەنیشتی بووم کوتی ئاغای جهانشاهلو ئەتۆ عێلاتی و ناترسی با لە داڵانەکەدا قەدەمێک لێ بدەین چونکە زۆر دیدەنییە ،ئەمن دەگەڵ سەردار رەشید دەستمان کرد بە قەدەم لێدان و چاومان لەو بازاڕە شێواوە دەکرد کە بە راستی دیدەنی بوو. ئیرەندازی جاردەگەڵ جار شیدەتی پەیدا دەکرد سەردار رەشید دەیکوت : ئاغای جهانشاهلو ئەو رەفیقانەی تۆ کە باسی راپەڕینی چەکدارانە دەکەن بەو دڵ و

جورئەتەوە چۆن بەرامبەر تەقەی دەوڵەتیەکان رادەوەستن ئێستا نەوێرن لەو داڵانەدا قەدەم لێدەن چۆن لە مەیدان دا خۆ دەگرن.

بێجگەلەوەی پاسەبانەکانی زیندان چەکیان هەڵگرت ، ئیدارەی زیندان بە تەلەفون لە دانشکەدەی پۆلیس و هەنگەکانی پیادە ی دەورووبەر کۆمەگی خواست و هێندەی پێ نەچوو سەرباز شوێنی پاسەبانەکانیان گرتەوە . وەبیرم نایا لەوشەوەدا کەسێک لە تێکدەرانی زیندان بریندار بووبێ ئەما دەفتەری زیندان دەیکوت چەند کەسێک بریندار بوون . نزیک سەعات دەی شەو بوو زیندان ئارامی گرت ئەما تا بەیانی سەرباز و پاسەبانەکان بۆ ترساندن تیری هەواییان دەهاویشت.